# هەڵکشانی گرووپە سەلەفییەکان لە نەیجیریا




«موحەمەد یوسف» بووە هەوێنی مەترسیدارترین ڕێکخراوی ئیسلامیی لە ئەفریقیا «بۆکۆ حەرام»

**وەك دەوڵەتانی دیكەی ئەفریقیا، نەیجیریاش هەڵكشانی گرووپە سەلەفییەكان بەخۆیەوە دەبینێت، ئەو گروپانە چەند توێژێكی تەمەن بەرەو خۆیان كەمەندكێش دەكەن، لە دەوڵەتێكدا، كە لە ڕووی پێكهاتەی دینییەوە ئاڵۆزە، و لەڕووی جیهادییەوە پێشینەیەكی ئوسوڵیی هەیە بۆ كۆتاییەكانی سەدەی 18دەگەڕێتەوە.**

**ساڵی 1804لە باكووری نەیجیریا خەلافەتێكی ئیسلامی، بەپێی ئاینزای مالیكی دامەزرا، ئەویش خەلافەتی «سۆكۆتۆ»، كەهەر زوو بەناو خێڵەكاندا بڵاوبووەوە و 30 خێڵی گرتەوە و تا ساڵی 1903 خۆی ڕاگرت، لەو ساڵەدا داگیركاریی بەریتانیی كۆتایی پێهێنا.**

لەگەڵ سەربەخۆیی نەیجیریاش (1960ز)یش پەرتەوازەبوون و ململانێ لە نێوان دیندارانـدا دروستبوو، بە تایبەت كە دینی جیاواز لە نەیجیریادا هەیە، دەستەبژێری هیچ كام لەو دینانەش نەیانتوانیوە، لانی زۆری لایەنگریی توێژەكەی خۆیان مسۆگەر بكەن، یەكەم سەرژمێریی دوای سەربەخۆیی ساڵی 1963 ئەنجام درا (ئیسلام 47%، مەسیحی35.5%، ئاینە لۆكاڵییەكان 3.18% كە بەسەر 250 گرووپی ئیتنیدا دابەشبوون). كەڵتە ئیسلامییەكەش یەكگرتوو نییە، بەسەر شیعە و سوونە و سۆفییەكاندا دابەشبووە، ئەمە جگە لە چەند شێوەیەك دینی میللی، كە سرووتی بتپەرستی تێیاندا تێكەڵ بە ئیسلام بووە، لەژێرسایەی ئەو دۆخە دینییە شڵەژاوەدا، ڕەوتی سەلەفی وردەوردە دەستی بە دەركەوتن و درێژبوونەوە كردووە، ئەویش بە بانگەوازیی دژایەتیكردنی بیدعە و بڵاوكردنەوەی ئیسلامی ڕاستەقینە.

بزووتنەوەی «یان مەدینە» یەكێكە لە دەركەوتووترین ڕەوتە سەلەفییەكان، بە زۆری لەو خوێندكارانە پێكدێت، كە زانكۆ دینییەكانیان لە مەككە و مەدینە یان لە نەیجەر و چاد خوێندووە، ئەمانە بەوە جیادەكرێنەوە عەرەبییەكی تاڕادەیەك ڕەوان دەزانن، و زانستی دینییان وەرگرتووە، زۆربەیان لە ناوەندە ئیسلامییەكەدا كاردەكەن، و بونەتە پێشەوا و وتاربێژی مزگەوتەكان، و نزیكایەتییان لەگەڵ بزنسمانەكان پەیداكردووە، و هەندێكیان وەك ڕاوێژكار كاریان بۆ دەكەن، زۆربەیان گەنجن، و هێز و كاریگەرییەكی گەورەیان هەیە، بە بەراورد بە ژمارەی خۆیان و گەنجیی تەمەنیان. ئەمانە دەستبەژێرێكی سەلەفین، جیاوازن لەو بزوتنەوەیەی لەسەر دەستی شێخ «ئیسماعیل ئیدریس» دروستبوو، بە مەبەستی «ڕامالینی بیدعە و پاڵپشتیی سرووتەكانی پێغەمبەر»، كە بە بزوتنەوەی «ئیزالە» ناودەبرێت، ئەم بزوتنەوەیەیان لە خوێندنگەی تایبەت بە ئیزالە وانە وەردەگرن، و چالاكییان لە شارەكانی «كانۆ، كادۆنا، پۆچی، گۆمبی، كاتسینا، زاریا، گۆس كە بارەگاكەیان لەوێیە» هەیە. هاوكات گرووپی «بانگەواز بۆ ئیسلام - دوعات»یش هەن، كە سەرۆكەكەیان «د. ئەمینەدین ئەبوبەكر» بە پارەیەكی باش هاوكاریی دەكرێن، و پەیوەندیی ئەكادیمییان لەگەڵ زانكۆ دینییەكانی دەرەوەی نەیجیریا هەیە.

لە «پۆچی»یش، شێخ «فانتامی» گرووپیكی بچووكی هەیە، كە لە ڕووی نەریت و تێگەیشتنەوە زۆر نزیكە لە گرووپی «یان مەدینە»وە، ئەمانە خەڵكانی خاوەن بڕوانامەی جیاوازن، بۆ نموونە «شێخ فانتامی» ، هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرایە لە كۆمپیوتەر، و

**ئاماری فەرمی ڕێژەی بڕوادارانی ئایینە جیاوازەکان لە نایجیریا**

| ئاینەکان | ئاماری باوەڕدارانی |
|---|---|
| ئیسلام | ٪47 |
| مەسیحییەت | ٪35.5 |
| ئاینە ناوچەییەکان | ٪18.3 |

**گرنگترین ڕێکخراو و بزووتنەوە سەلەفییەکانی نەیجیریا**

| ناوی ڕێکخراوەکە | شوێنی بڵاوبوونەوە |
|---|---|
| بۆکۆ حەرام | باکوور و باکوری ڕۆژهەلات |
| ئەنجومەنی باڵای نەیجیری بۆ کاروباری ئیسلامی | سەرتاسەری نەیجیریا |
| ئیزالە | باکوور |
| یان مەدینە | باکوور |
| دوعات | باکوور |
| انصار الدین، | باشوور |
| نور الدین، | باشوور |
| کۆنگرەی ئیسلامی، | باشوور |
| انوار الاسلام، | باشوور |
| ڕابیتەی پارێزەرانی مسوڵمان لەنەیجیریا | سەرتاسەری نەیجیریا |
| خوێندکارانی مسوڵمان | باکوور |

پرۆفیسۆری یاریدەدەرە، ئەمە وایکردووە خەڵکی زۆر لە کۆڕەکانیدا بەشداربن.

بەشێوەیەکی گشتی، زاناکانی یان مەدینە زۆر کۆنەپارێزن، لەڕێی میکانیزمی ئاشتییانەوە هەوڵی گۆڕانکاریی دەدەن، ئەمە بووەتە هۆی ڕا جیایی گەورەیان لەگەڵ «بۆکۆحەرام»دا، کە بە پێچەوانەی ئەمانەوە، توندوتیژیی وەک میکانیزمی گۆڕانکاریی هەڵبژاردووە، لە سیما گرنگەکانی بزوتنەوەکە ئەوەیە،

کۆمەڵێک قوتابخانەی هەیە بۆ خوێندنی ئیسلامی، کە فەرمین، جگە لە بابەتی ئیسلامی، بابەتی شارستانی و زمانی عەرەبیشیان تێدا دەوترێتەوە.

بۆکۆحەرام لە ئیعتیزالەوە بەرە و توندڕەویی:

ساڵی 2002. کۆمەڵێک گەنجی سەلەفی، لە مزگەوتێکی شاری «میدۆگۆری» کۆبوونەوە و بەیاننامەیەکیان دەرکرد تێیدا هاتووە: ((ئیدارەی شارستانی و دامەزراوەی ئیسلامی چیتر ؛ بەهۆی گەندەڵییەوە؛

بەرگە ناگیرێن، و شیاوی چاکسازیی تێداکردن نین)). گرووپەکە ڕاشیان گەیاند، وەک پێغەمبەری ئیسلام ئەمانیش کۆچ دەکەن، و بەکردەیی خۆیان کارکەنار کردوو، و چوونە گوندی دووره دەستی «کاناما»ی نزیک سنووری ولاتی»نەیجەر»، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی توندڕەوتر، کە وردەوردە بووە دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا، تا لەگەڵ هێزە دەوڵەتییەکانی پۆلیس، بەهۆی مافی ڕاوکردنەوە پێک هەڵپژان. کارگەیشتە ئەوەی دەوڵەت بەهێزێکی سەربازیی گەمارۆی دان، و دواجار شەڕ ڕوویدا و 70 چەکداریان لێ کوژرا. گرووپەکە کە ناویان لەخۆنابوو «تاڵیبانی نەیجیری» لە خەڵکانی دەستڕۆیشتووی ناوچەکە پێکهاتبوون، تەنانەت سەرکردەیەکیان کوڕی حاکمی ویلایەتی یۆبی بوو، خۆیان چیتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی بە دوورگرت. پاش ماوەیەک سەرکردەی گرووپەکە «موحەمەد یوسف» دامەزراندنی مزگەوتێکی تایبەت بەخۆی ڕاگەیاند، و دەستیکرد بە فراوانبوون، بە تایبەت کە دەوڵەت چاوی لەکارکردنیان پۆشیبوو، تا دواجار بوونە هەوێنی مەترسیدارترین ڕێکخراوی ئیسلامیی لە ئەفریقیا «بۆکۆحەرام».

لەگەڵ هەڵکشانی کێرڤی جەماوەریی بۆکۆحەرامدا، دیبەیت و ململانێی نێوان «شێخ جەعفەر موحمود ئادەم»ی سەرۆکی «یان مەدینە» و شێخ»محەمەد یوسف»ی سەرکردەی بۆکۆحەرامدایکرد، تا کار گەیشتە ئەوەی «شێخ محەمەد یوسف» فەتوای کوشتنی جەعفەری دا لەشاری کانۆ، ئەوەبوو 13ی نیسانی 2007، لەکاتی پێشنوێژیکردندا تیرۆریان کرد. سەرەتا لایەنگرانی ڕەوتی شیعەیان تۆمەتبارکرد، تا دواتر



**ئەبوبەکر شیکاو سەرۆکی ڕێکخراوی بوکۆ حەرام**

بۆیـان دەرکـەوت ئەمـە نۆبـەرەی کارە تیرۆرسـتییەکانی بۆکۆحـەرام بـووە.
لێـرەوە پرسـیارەکە دروسـت دەبێـت: ئایـا ڕەوتـی سـەلەفیەتی ئاشـتیانە توانیویانـە توندوتیژیـی ئوسـوڵی لـە نەیجیریـادا کـۆت بکـەن؟
بەپێـی زانیارییەکانـی توێـژەر «هارونـا حەسـەن»، پـاش تیرۆرکردنـی محەمـەد یوسـفی سـەرکردەی بۆکۆحـەرام سـاڵی 2009، بـەڵام ئـەو شریـت و سـیدی و کتێبانـەی بیروڕاکانـی ئەوییـان تێدایە ڕەواجیـان زۆرە، بـە تایبـەت لـە نـاو مسـوڵمانانی نەتـەوەی «هۆسـا»دا، ئەمـە جگـە لـەوەی حاڵەتـی پیرۆزکردنـی «شـێخی شـەهید» لـە نـاو گەنجانـدا لـە بەرزبوونەوەدایـە، ئـەوەش لـە سـایەی دۆخـی مەینەتیـی کۆمەڵایەتـی، و هەژاریـی ئابوورییـەی،

**بـزووتـنـەوەی «یـان مـەدیـنـە» یەکێکە لە دەرکـەوتـووتـریـن ڕەوتـە سەلەفییەکان، بە زۆری لـەو خوێندکارانە پێکدێت، کە زانکۆ دینییەکانیان لە مەککە و مەدینە یان لە نەیجەر و چاد خوێندووە، ئەمانە بەوە جیادەکرێنەوە عەرەبییەکی تاڕادەیەك ڕەوان دەزانن**

کـە ڕەمزێکـی ئەفسـانەیی بـۆ خۆیـان دروسـتدەکەن بـۆ ڕزگاربـوون لـەو واقیعـە قەیراناوییـەی تێیـدان.
لـە کاتێکـدا، ڕێـژەی زۆری مسـوڵمانان لـە پۆرۆبـای باشـووری نەیجیریـا زیاتـر لـە مسـوڵمانانی باکـوور مەیلیـان بـەلای سـیکۆلاریزمدا هەیـە، بـەڵام بانگـەوازی دەوڵەتـی دینـی و جێبەجێکردنـی حدودەکانـی شـەریعەتی ئیسـلامی لـە نـاو ئەوانیشـدا جێـی خـۆی کردۆتـەوە. ئەوەبـوو ڕێکخراوەکانـی گەنجانـی مسـوڵمان لـە باشـووری ڕۆژئـاوای یۆرۆبـا، لـە سـاڵی 2000وە خەریکـی زنجیرەکۆبونەوەیـەک بـوو لەگـەڵ چەنـد ڕەوتێکـی دیکـە بـە مەبەسـتی دارشـتنی سـتراتیژێکی گشـتگیر بـۆ جێبەجێکردنـی شـەریعەت، لـە چوارچیـوەی جێبەنـدی دیموکراسـیی نوێـدا، بـە نموونـە «دەسـتەی لاگـۆس» بـە شـێوەی خولـی لەگـەڵ نوێنـەری ڕەوتەکانـی: انصـار الدیـن، نـور الدیـن، کۆنگـرەی ئیسـلامی، انـوار الاسـلام، ڕابیتـەی پارێزەرانـی مسـوڵمان لـە نەیجیریـا کۆدەبـووەوە، بـۆ فشارخستنەسـەر «ئەحمـەد تینۆبـۆ»ی پارێـزگاری ویلایەتی»لاگـۆس» بـۆ پەسـەندکردنی ئـەو یاسـای دادگا شـەرعییانەی دایانرشـتبوو، و جێکردنـەوەی شـەریعەت لـە یاسـاکانی وڵاتەکـەدا، هـاوکات هـەردوو ویلایەتـی «ئۆیـۆ» و «ئۆنسـۆن»، دادگـەی تایبـەت، و دەسـتەی دادوەریـی هاوشـێوەیان دامەزرانـدووە، ئەمەش بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی ململانـێ لەگـەڵ دامـەزراوە نارازییەکانـی دەوڵەتـدا، و ڕووبەڕووبوونـەوەی تونـد ڕوویـداوە، لەڕێگەیـەوە فیکـری جیهـادی دزەیکـردووە و بـە ئاشـکرا گوزارشـتی لـە خـۆی کـردووە. بـە جۆرێـک دەتوانیـن بڵێیـن، ڕەوتە سـەلەفییەکان تەنها لـەو ڕووەوە لـە بۆکۆحـەرام جیـاوازن، کـە بانگەشـەی بەکارهێنانـی توندوتیژیـی ناکـەن، و پێیـان وایـە لەڕێـی بانگـەواز و بڵاوکردنـەوەی فیکـری ئوسـوڵییەوە کار بکـەن، بـۆ ئـەوەی دواجـار دەوڵـەت بەکاربێنـن بـۆ خزمەتـی پـڕۆژە فەندەمێنتالیسـتییەکەیان.

**تێبینـی: بابەتەکـە لەگـەڵ وەرگێڕانـدا پوختـە کـراوە**
**سەرچاوە:**
**ماڵپەڕی حفریات**